# بەلاغی سێیەمین كۆنفرانسی بزووتنەوەی ریفراندۆمی كوردستان

لە ژێر دروشمی ( پرسكردن بەخەڵكی كوردستان بۆ دیاریكردنی چارەنووسی خۆی بنچینەیەكی دیموكراتیی و مافێكی رەوایە )و بە ئامادەبوونی نوێنەرانی شارو شارۆچكەكامی كوردستان و نوێنەرانی كۆمیتەكانی دەرەوەی وڵات رۆژی هەینی رێكەوتی 2006/8/25 بزووتنەوەی ریفراندۆمی كوردستان سێیەمین كۆنفرانسی خۆی لە شاری هەولێر ساز كرد .

سەرەتا كۆنفرانسەكە بە دەقیقەیەك وەستان بۆ گیانی پاكی شەهیدانی كوردستان و بەدەم مارشی بەرەو ریفراندۆم دەستی بەكارەكانی خۆی كرد، ئینجا بەر لە هەر شتێك بەبایەخێكی زۆرەوە هەڵوەستەی لەسەر پرۆسەی دادگاییكردنی سەدام و دەستو پێوەندەكانی كردو بەچاوی ئومێدیشەوە خوازیاری ئەوە بوو تاوانەكانی شاڵاوە درندەكانی ئەنفال و جینۆسایدو سیاسەتی پاكتاوكردنی رەگەزی كەسەدام خولقێنەری بوو بكرێنە وزەو بنەمایەك بۆ دارشتنی بناغەی سەربەخۆیی و هێنانەدی سەرجەم ئامانجەكانی گەلەكەمان .

برگەیەكی تری كۆنفرانس بریتی بوو لە خوێندنەوەی راپۆرتی لیژنەی باڵای بزووتنەوەی ریفراندۆم كە لە لایەن كاك ئاسۆ كەریم ئەندامی لیژنەی باڵا خوێندرایەوە كە تیایدا ئاماژەی بە ئەرك و كارو چالاكیەكانی بزووتنەوە لە نێوان دوو كۆنفرانسدا كردبوو ، ئینجا راپۆرتی كۆمیتەكانی دەرەوی وڵات لە لایەن كاك سیروان مەحمود خوێنرایەوە .

دواتر هەر لە بەرێزان مامۆستا شێركۆ بێكەس و مامۆستا جەمال عەبدوول دوو وتەی كورتی تایبەت بە بزووتنەوەی ریفراندۆم و ئەو رەوشە سیاسیەی بزووتنەوەكە گوزەری پیادا كردووە پێشكەش كرد.

دوای ئەمەش لە لایەن ئەندامانی كۆنفرانس بەشێوەیەكی بابەتی و رەخنەی بەسوود گفتگۆیەكی چڕ لەبارەی راپۆرتەكە كراو ئینجا پەسند كرا .

لەتەوەرێكی دیكەی كارنامەی خۆیدا, كۆنفرانسەكە هەڵوەستەو گفتوگۆیەكی تێروتەسەلی لەسەر ریفراندۆمنامە وەكو كارنامەی بزووتنەوەی ریفراندۆمی باشووری كوردستان كردو دوای تاوتوێكردن و هەندێ گۆرانكاری پەسەندكرا.

سێیەمین كۆنفرانس وێستگەیەكی تری كارنامەی خۆی بۆ ئەو بریارو راسپاردانەی كەوا ئەندامانی كۆنفرانس خستیانە ئەستۆی كارنامەی داهاتووی بزووتنەوە، تەرخان كرد.

هەر لەو چوارچێوەیەشدا چەندین بابەت و پێشنیارو راسپاردەی بەسوود لەسەر ئامانج و چۆنیەتی زیاتر كاراكردنی رۆڵی بزووتنەوەی ریفراندۆم لە نێو واقیع و هاوكێشە سیاسیەكانی سەر گۆرەپانی ئەمرۆی كوردستان خرانە روو، كە یەكێكیان داواكردن بوو لە سەر دادگاییكردنی موستەشاری فەوجە سوكەكان و هەموو ئەوانەی بكەرو ئامرازی جێبجێكردنی ئەنفال و سەرجەم جینۆسایدەكانی دیكە وخەباتی بەردەوام بۆ جێبەجێكردنی مادەی 140 وگەراندنەوەی هەمو ناوچە تەعریبكراوەكان .

شایانی گوتنە لە دوا وێستگەی كارنامەی خۆیدا، كۆنفرانس دەستەیەكی كارگێرو بەرپرسی ئۆفیسی شارەكانی لەكەشێكی دیموكراسیانەدا هەڵبژاردو دواتریش لە رۆژی شەمەی 2006/8/26 بەمەبەستی كار دابەشكردن یەكەمین كۆبوونەوەی خۆیانیان ئەنجامدا.

سێیەمین كۆنفرانسی بزووتنەوەی ریفراندۆمی كوردستان 2006/8/26